# مەهزەلەكانی كوردستان.... تكایە خوار هەژدە سالْ ئەم ووتارە نەخوێنێتەوە چونكە لە فیلمی ترسناك ئەچێت !!!



**زمناكۆ بورهان قانع**

**سوریا/ دیمەشق**

zimnaco@hotmail.com

**تێبینی :/** پێش ئەوەی ئەم ووتارە بخوێنیتەوە تكایە لە ژوورێكی تاریكدا گوێ لە پارچە مۆسیقای ( الجدار ) (The Wall) بگرە بۆ ئەوەی ووتارەكە تـۆزێك ترســناك بێتـو ئینجا مندالّەكانت ئەوانەی كە لـەخوار تەمەنی هەژدە ســالّن بخـەرە ژوورێكــی تر بـۆ

ئەوەی بابەتەکە نەخوێننەوە چونـــکە ئەو کەسەی کە ئەم ووتارە ئەخوێنێتەوە ئـەگەر کامڵ نەبێت سەد دەرسەد شێت ئەبێتو ئەکەوێتە سەرجـادە، جا لەبـەر ئەوە منیـــش حەز بەو تراژیدیایە ناکەم، لەبەر ئەوە با هەر گەورەکان شێت بن چونکە منـــداڵی ئەم وولآتە زۆر داماون.. هاوکاریتان مایەی ڕێزو سڵاوە و خوای گەورە چاکەی چاکــەکـاران وون ناکات...

مەهزەلەی یەکەم :- ( لەبارەی کارەباوە ) :/ باوکەڕۆ ئەوەی ئەڵێت کارەبای کوردستان تـا هەزار ساڵی تر باش ئەبێت ئەوە زۆڵە کوردەو ئەوەی کە دەڵێت هاوینان لە کوردستان بە نیوەڕۆدا ئەخەوم  ئەوە هەر زۆر فشەکەرە چونکە خـەوتن پێویستی بە کەشـێکی ئارامو فێنك هەیە نەك گەرمـــای چـلەی هـــاویـــن، پیـاوم ئەوێـت لە هاویندا لە کوردســتانە موهیمـەکـەی خۆمـاندا بخـەوێتو نەترشێتو پـیفەڵە نـەکات بـــاوەڕ بـکەن لەشـی ئەو فشەکەرە داماوە ترشێك دەردەکات کە لە ترشی ( $H_2SO_4$ ) خراپترەو یەك دنیا بارگەو ئایۆناتی ( لیثیوم ) لە لەشی ئەو نەگبەتەدا دەردەکەوێت، ئینجا زۆر دوور نیە لەوانـەیـە ( تـرای نـایـترۆ تۆلۆوین ) یـاخـود ( TNT ) لێ دروســت بـکرێت لـەلایـەن حکومـەتـە ساواکەمانەوە وەك سامانێکی نەتەوەیی، بەخ بەخ لەو حکومەتە جوانە..
ئێستا لە کوردستان ئەوەی کە موەلیــــدەی سیانزە ئەمپێریو حەڤدە ئەمپێری نەبێت وەك ئەوە وایە کە لـە پـیاوەتی کەوتبێتو سێکـسی پێنـەکرێت چونـکە کاتێك بـــەو موەلیدەیە کارەبا ئەهێنیتە ماڵە تاریکەکەت سوبحانەڵڵا هەر لە خۆتـــــەوە لە خۆشیدا زەوقت هەڵدەستێت... وەیشششش کە خۆشە کارەبا..

مەهزەلەی دووەم :- ( لەبارەی ئاوەوە ) :/ ئەوانەی کە لە نەوەی هەشــتاکانن‌و ئاگاداری شەڕی نێوان ( عێراق ــ ئێران ) بوون زۆر چاك دەزانن کاتێك کـە بـچوویتایە بۆ داوای کچێك ماڵی کچەکە یەکسەر دەیانگووت :- ( ئەگەر ژێر زەمینـــتان نەبێت کچی خۆمان ناکەین بە قوربانی ) چونکە هەمیشە قەسفو تۆپ باران بوو لەگـەڵ ژێرزەمیندا داوای

بەڕازیلی مۆدێل هەشتاو شەشیان لێ دەکردیت ئەو گەنجەش تا مـــابوو دەبووایە لەگەڵ ئەو ژیانە سوریــالیەدا هەڵبکات، پێم وایە (سەلفادۆردالی و ئەنــدرێ بریتۆنو فـرانسیس پیکابیاو لویس ئەراگۆن ) کوڕی ئەو سەردەمەی وولاتی خۆمانن..
بەڵام ئێستا کوڕێکی گەنجی کورد ( هەرچەندە ووشەی گەنج لە کوردستان وجودی نیە عەیبو شورەیی ) کاتێك دەچێت بۆ داوای کچێك دایكو باوکی کچەکە دەڵێن :- ( کوڕی خۆم لە ماڵەوە بیری ئاوتان هەیە ؟؟ ئەی بیرەکەتان لە چەند مەتردا هاتۆتە سەر ئاو ؟؟ ئەی لە فەحسەکە دەرچووە ؟؟ ئەی کلۆری زۆر ئەوێت ؟؟ ئەی وەکو بزانیت موزەخـەی باشتان هەیە ؟؟ ) ئەمانەو یەك ملیۆن پرسیاری حیزی تر ئەکەن تا وای لێدێـت کوڕەی نەگبەت ئەڵێ :- تۆبە ژن بهێنم.. ئەمە پرسیاری ماڵە باوکانی کچانە ئیتر لە ئەخـلاقو ئاستی رۆشنبیری کوڕە ناکۆڵنەوە تەنها بە پلەی یەك بیری ئیرتیوازیو نا ئیرتـــیوازی..
ئینجا ئەگەر ئەوانەت هەبوو ئۆتۆماتیکی ئەخلاقت جوانەو لە هاشم صالحو عابـــــد جابریو محمد ئەرگۆنو طیب صالحو ئەدۆنیس روناکبیرتریتو ئینــــــجا جارێکی تر ئۆتۆماتیکی لە رۆبێرتۆ باجیۆ و براد بیتو تۆم کروزو محسون قرمزیو راغب عەلامە قۆزترو کەشخە تریت، کەواتە بژی بیری ئاو.... بژی موزەخە.... بژی ترومپا...

مەهزەلەی سێهەم :- ( لەبارەی تەپو تۆزەوە) :/ ئەوەی خەڵکی سلێمانی بێتو ئێواران پیاسەی دەباشانو ئەزمڕو گۆیژە بکات بەڵام ئەگەر سەرخۆش نەبــێتو بە جــــوانی بتوانێت نیگایەکی شارە پیسەکەی سلێمانی بکات باوکەڕۆ چی دەبینێت؟؟!!! ( خـــودایە بمبەخشە کە ئەمە باس دەکەم )، دەبینێت یەك چینی خەســتی تەپو تۆزی ئەســـڵی دەرەجە یەکی مومتاز بەسەر شاری سلێمانـــــیەوە مەلە دەکات ئەو شارەی کە مەسئولە دڵخۆشو قسە خۆشەکان ورێنە دەکەنو پێی دەڵێن دەستە خوشـکی ئەورووپاو نیویۆرك ( پفففف لەم ئەورووپاو نیویۆرکە !!! ) ئیتر دوای ئەوەی کەئەو تەپو تۆزە دەبینیت وا دەزانیت کە تەبەقەی ئۆزۆن کون بووەو تیشکە ترسناکەکانی وەك ژێرســـوورو سەروو بنەوشەیی بەر سلێمانی ئەکەوێتو تۆزێکی تر کەسی تیا نامێنێت، ســـــوێند ئەخۆم

هەموو خەڵكی ئەو شارە حەساسیەتیان هەیە بەڵام بە خۆیان نازانن.. (وای خودایە ئەم وولاتە بۆ ئەوەندە هەزەلی یە ؟؟؟ )..

مەهزەلەی چوارەم :- ( لەبارەی گەندەڵی دامو دەزگاكانەوە) :/ ماشەڵڵا بەڕێوەبـــــەری دەزگای تایبەتی وامان هەیە كاتێك كە دزییەكی گەورە دەكاتو لە كەناڵەكانی ڕاگەیاندن ڕسوا دەبێت ئیتر مەسئولە دەسەڵاتدارە چاوگەشەكانی كورد لە جیاتی ئەوەی بیدەن بـە دادگاو لێ ی بپرسنەوە دەستبەجێ بەمەعاشەكەی خۆی خانەنشینی دەكەنو دەڵێـــــن بەساقە ئیتر كاری تۆ وەك دزیكردن تەواو دەبێتو بڕۆ دزییەكی شەرعی بكە.. لـەوەش سەیرتر ئەوەیە كە فەرمانگەو وەزارەتو بەڕێوەبەرێتیەكان ئەوەندە فەرمانبەری هەیە ئینتەلای كردووە كەچی ئیشی كەسێكی ( موراجیع ) هەمیشە پەكـی دەكەوێت ئەویش لەبەر ئەم فاكتەرانە :-

فاكتەری یەكەم :- كچـە فـەرمانـبـەرەكان لـە دوای كاتـژمێر یانزەی بەیانی لە ژوورێكدا خەریكی یاپراخو كفتە خواردننو دوای خواردنێكی چـەور دەست دەكەن بە زەمكردنو باسی ( موهەندیسو مودیر عامو وەكیل وەزیرە ) دزە دامـــــــــاوەكانی دایەرەكەیان دەكەن... بە راستی پێم ناخۆشە چونكە زانستی ( طب ) سەلماندـــدویەتی كە زەمكردن شتێكی باش نیە بەتایبەتی دوای یاپراخو كفتە..

فاكتەری دووەم :- كوڕە فەرمانبەرەكانیش بە مۆبایل خەریكی مێسەج ناردننو بە چاوی خۆم لە زۆر دایەرەدا بینیومە سێ سێ و چوارچوار دانیشتـــون غارەو ئەزنیفو دۆمینە دەكەن، ئێوارانیش لە شەقامی ئۆرزدی كۆدەبنەوەو قسەی بێ مەعنا دەكەن... ئافرەتێكی ئەڵمانی سەردانی سلێمانی كردبوو زۆر ترسابوو لە شەقـــــــامی ئۆرزدی گوتبووی:- من هەموو ئەوروپاو ئەمریكاو كەنەداو ئوستralیاو نیوەی ئەفریقام بینیـوە

بەڵام تا ئێستا شەقامی لەو جۆرە قەرەباڵغو پیسو پۆخڵو ناخۆشم نەدیوە کە هەموو بەر دوکانەکان ڤڕە ڤڕی موەلیدەیەو سەرشەقامەکەشی نایلۆنو عەلاگەو مقەبایە...

## دواجار منیش وەك زمناكۆ بە سەركردەو دەسەڵاتدارانی كورد دەڵێم:-

ئەگەر لەسەر ئەم نەهجو میتۆدەی ئێستا بەردەوام بنو چارەسەری ئـەم مەهـــــزەلانە نەدۆزنەوە ( کە ئەمانە مشتێکن لە خەروارێك ) دڵنیا بن كۆچێكی ترسناك بەڕێوەیەو هەموومان وولاتتان بۆ چۆڵ دەكەینو بە ئارەزووی خۆتان هەر بخۆن لە سـامـانی ئـەم وولاتە..

**تێبینی دووبارەكراو** :- ئەمجارەش داوای لێبووردن لەو منالانە دەكەم كە لە خوار هەژدە ساڵنو بە دزی دایكو باوكیانەوە ئەم ووتارەیان خوێندۆتەوەو ســـــەریان لێ تێك چووە بەرامبەر بە شتە جوانو خۆشەكانی كوردستان...